# شەوارەی شەوانەی سەفەر

## بیرەوەری

بەشی سێهەم

**کاظم قادر**
Kazmkader72@yahoo.com



ناو یەختەکە زۆر گەرم بوو گەرما سووتاندبوومانی،هەروەها بە پێی پێویست ئاویشمان پێنەبوو،هەموو چەند دەبەی بیست لەتری ئاومانپێبوو،نەماندەتوانی بە ئارەزووی خۆمان و چۆنمان بوێ ئاو بخۆین، چوونکە دەترساین ئاوەکەمان زوو تەواو بێ و لە تینواندا بخنکێین،بۆیە هەر کەسێک دەبوایە هێندە ئاوی بخواردایە کە دیاریمان کردبوو. ئەگەر ئاوامان نەکردایە بێگومان یەکەم ڕۆژ ئاوەکەمان تەواو دەبوو، بەو حاڵەشەوە دواهەمین ڕۆژ ئاومان لێبڕا.

سەعات یانزەی دواهەمین شەو گەیشتینە کەنارەکانی یونان،نزیک ئەو شوێنەی کە دەبوایە لە یەختەکە دابەزینایەو بە سەیارە بەرەو یونان بە ڕێکەوتینایە.یەختەکەمان لایدابووە کەنارو ماوەیەک وەستا،پاشان بە ڕێکەوتەوە هەر هێندەی کەوتە ڕێ و بیست مەترێک ڕۆیشت،دەنگێکی گەورە لە یەختەکەوە هەستاو هەموومان گوێ بیستی بووین.

دووبارە یەختەکەیان ڕاگرت و کەشتیوانەکان کە دوو کەس بوون گوتیان بێدەنگبن و ئێمە سەیری یەختەکە دەکەین تاکو بزانین ئەو دەنگە چی بوو؟

ماوەیەکی زۆر خەریکی یەختەکە بوون، گوتمان چی ڕوویداوە؟گوتیان یەختەکە بەر بەرد کەوتووەو ناتوانین ڕێبکەین! دواتر هەوڵێکی زۆریاندا چاکی بکەنەوە بەڵام بێسود بوو،چەند سعاتیتر تێپەڕی هەر خەرێکی بوون بۆیان چاک نەکرا.لە دوورەوە زۆر جار لایتی یەختێکمان دەبینی کە بە هەموو لایەکدا لایت-بلاجکتۆری لێدەداو وەک بۆ شتێک بگەڕێن وابوو،ئێمە گوتمان ئەوە یەختی پۆلیسەو بۆ ئێمە دەگەڕێن،هەموو کەنارەکانی ئەو دەوروبەرە ئاوایی وماڵی یونانی بوون،ئێمە پێمان وابوو ئەو ماڵانە بە ئێمەیان زانیوەو پێیان وابووە شتێک ڕوویداوەو پۆلیسیان ئاگەدار کردۆتەوە.

ئەگینا بەو شەوە پۆلیس چووزانێت یەختێک لەوێدایەو پەکی کەوتووەو کۆچبەری نایاسایی تێدایە.

یەختەکە هێدی هێدی لێمان نزیک دەبوەوە..لە دووری دووسەد مەترەوە ئێمەیان بەدیکردو هەڵیان کوتایە سەرمان،کە گەیشتنە لامان ڕیزێک تەقەیان بە سەرماندا کرد،دوای هەزاران کیلۆمەترلە ترسی تەقەو کوشتن و کابوسەکانی،گوێبیستی تەقەی ترس و کوشتن و زۆرداری بووم.

چی کارەساتێکە لە زیندان هەڵبێیت و زیندانیت بکەنەوە..لە ترسی تەقە هەڵبێیت و بە تەقە دوات بکەون و بتگرنەوە..مرۆڤ دەبێت چی بکات چۆن کۆتایی بە تەقەکان بهێنین؟

هەموومان چووبووینە ناو ژووری یەختەکەوەو دەرگاکەمان لە خۆمان داخستبوو،تەنها کەشتیوانەکان لە دەرەوە مابوون و لە گەڵ پۆلیسەکان قسەیان دەکرد،ئێمە گوێمان لێیان بوو قسەیان دەکرد بەڵام نەماندەزانی چی دەڵێن.دیاربوو کەشتیوانەکان دەیانگوت شتی قاچاخمان پێنییەو یەختەکەمان شکاوە،پۆلیسەکانیش باوەڕیان نەدەکردو بە دەنگی بەرز دەیان نەڕاند.پۆلیسەکان لە یەختەکەی خۆیان دانەبەزیبوون، بەڵکو چەند مەترێک لە دوای یەختەکەی ئێمەوە وەستابوون و لایتەکانیان ئاراستەی ئێمە کردبوو.نیوەی هەموو سەرەوەی ژووری یەختەکە چادر بوو هەروەها چەند پەنجەرەشی تێدا بوو،لە بەر ئەوە تیشکی لایتەکە لە سەرمان بوو ناو یەختەکە تەواو ڕووناک بوو،هەموومان ساردو خامۆش خۆمان ماتدابوو بیرمان لە قەدەری خۆمان دەکردەوە.

لە بەر ئەوەی پۆلیسەکان باوەڕیان نەدەکرد کە یەختەکە هیچی تێدا نییە،دەرگای یەختەکەیان بە کەشتیوانەکان

کردەوە.ئیتر ڕووی حەقیقەتێکت تاڵ دەرکەوت.هەموومان ساردو سڕ دانیشتبووین و خۆمان گرمۆڵە کردبوو تەنها زیتەی چاومان دەهات،بە چاوماندا دیار بوو هێشتا دەژین.ڕۆخسارمان لە ماندوێتی و گەرمی و ستەمدا ڕەش داگەڕابوو،ناو یەختەکە هێندە گەرم بوو وەکو چەند تەنووری تێدا بێت وابوو.

پۆلیسەکان چەند پرسیاریان کرد کە خەڵکی کوێن و بە کوێدا هاتوون.دوایی بە گوریس یەختەکەیان بەستە یەختەکەی خۆیانەوەو کێشمانیان کردو بردمانیان،بۆ کوێ نازانین و هیچیان پێمان نەگوت.

ئێمە ئیتر نێچیر بووین و ترسی پۆلیسمان نەمابوو،بۆیە هەموومان هاتبووینە سەر پشتی یەختەکەو دانیشتبووین.

مرۆڤ کاتێک بەرەو مەبەست و ئامانجێک دەروات،سەرەتا ترس و نیگەرانی زۆری لە ڕێکەوت و پێشهاتە ناخۆشەکان بۆ دروست دەبێت و پێی وایە بەرگەی ئاکامی شکستەکان ناگرێت.بەڵام کاتێک دەرگیردەبێ و شکست دێنێت،ئەو هەستەی پێشووی کاریگەری خۆی لە دەست دەداو بەڵکو لە باری دەروونییەوە ئاسایی و بە ئیرادە دەبێت.مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووەو هەمیشە قابیلی گۆڕان و زیندووکردنەوەی خودی خۆیەتی لە بارێکەوە بۆ بارێکیتر،هەر ئەوەشە مرۆڤی بەرزو لە سەرپێ ڕاگرتووەو بە شکستەکان نابەزێت،بەردەوام تەحەدا دەکاو نایەوێت بەزینی خۆی بسەلمێنێت،بەزین خۆ بە دەستەوەدانە بە مەرگ و غەریزەی مرۆڤیش ژیان کردنە..گەوهەرو مانەوەی ژیانیش لەو کێشمەکێشەدایە.

* * *

یەختەکان هێدی هێدی دەریایان دەبڕی و دەڕۆیشتن..پۆلیس نێچیری خۆیان کرتبوو..منیش بیرم لە دادی ڕاوچی دەکردەوە!

خەریک بوو ڕۆژ دەبوەوە لە شوێنێک دووسەد مەتر دوور لە کەناری دەریاکەوە ڕامانیان گرت،گوتیان دەبێت جارێ چاوەڕێبن تاکو تەلەفۆن دەکەین و چارەنوستان دیاری دەکرێت.سعات گەیشتە دوانزەی نیوەرۆ هەر لە یەختەکەدا بووین و نەمانیانبردە ووشکایی.ئاومان پێنەمابوو تینوێتی هەموومانی پەرێشان کردبوو،خۆری سەردەریا گەرم و سوتێنەر بوو،پێش ئەوەی پۆلیس بمانگرن ئاومان پێنەمابوو.بە پۆلیسەکانمان گوت خەریکە لە تینواندا دەخنکێین بەڵکو ئاومان بۆ بێنن،بەڵام ئەوان گاڵتەیان پێمان دەکردو دەستیان بۆ پێشەوەی خۆیان دەبردو دەیانگوت وەرن ئاو بخۆن!زۆر نامرۆیانە هەڵسوکەوتیان دەکردو بە ئەنقەست ئازارمانیان دەدا.

چەند جاریتر داوای ئاومانکرد هەر دەیانگوت دوایی و دواییش نەیاندەهێناو درۆیان دەکرد.دواجار یەکێک لەو برادەرانە بە درۆ خۆی بووراندەوە کۆمەڵێکیش لە دەوری کۆبوونەوەو کردیان بە هەرا تاکو پۆلیسەکان بترسێنن و ئاومان بۆ بێنن.

بە پۆلیسەکانیان گوت یەکێک لە تینوانادا خەریکە دەمرێت،یەکێک لە کەشتیوانەکان قومێک ئاوی پێمابوو هێنایی و کردیە دەمی ئەو برادەرەوە،ئیتر پۆلیسەکانیش باوەڕیان کرد کە یەکێک خەریکە دەمرێت،بۆیە بە پەلە بەلەمێکی بچووکیان لە یەختەکەیان داگرت و ڕۆیشتن ئاو بێنن.دوای نیو سعات هاتنەوەو سێ چوار دەستەی دەبەی ئاویان هێنابوو،بەڵام یەکسەر ئاوەکەیان پێمان نەدا بەلکو بە قەستی پانزە بیست دەقە دوایانخست و دوایی لە خوارەوە هەڵیاندایە سەرەوەو ئێمەش لە نێو خۆماندا دابەشمانکرد.

سعات دووی دوای نیوەڕۆ بردمانیانە کەنارو دامانیانبەزاند.لە پێشدا هەردوو کەشتیوانەکەیان بانگکرد،ناشیرین و پۆلیسانە بە دەما خستیانیانە سەر زەوییەکەو لە پشتەوە کەلەپچەیان خستە دەستیان و بردنیان.پێش ئەوی ئێمەش لە یەختەکە دابەزین و بچینە بەردەم پۆلیسەکان بۆ پشکنین،زۆرێک لە کۆچبەران دەیانگوت هەر کاتێک دابەزین لە پێش چاوی پۆلیسەکان "خاک"ە کەیان ماچ بکەن ،بەڵکو دڵیان نەرمبێو دیپۆرتمان نەکەنەوە! ئەو هەڵوێستە بە لای منەوە هەوڵ و تەقەلایەکی ناشیرین و داماوانە بوو..پاڕانەوەو کڕنووش بردنێکی تاڵ بوو لە بەرامبەر جەلاددا تاکو ڕەحمت پێبکات.بە داخەوە زۆریان چەمانەوەو زەوییەکەیان ماچ کردا ئەو نمایشە دڵ و دەرونی دادەڕزاندو هەلاهەلای دەکرد.من بە ڕۆخسارو دیوی ناوەوەمدا زۆر بە تووڕەیی و گرژی و مۆنییەوە وەستابووم

بەو ڕەفتارانە شەرم دایدەگرتم و نەفرەتم لە هەموو ئەو سیستەم و ئایدیانە دەکرد،کە مرۆڤ فێرو ناچار بە ملکەچی و پاڕانەوەو کڕنووشبردن دەکات.کڕنوشبردن دابەزینی تەواوی بەهای مرۆڤە لە بەرامبەر بە پیرۆزکردن و بە بت و خوا کردنی مرۆڤێکیتر،مرۆڤ دەبێت شەرم بکات لەوەی کرنوش بباولەوەی کرنوشی بۆ ببەن.

دوای پشکنین هەموومانیان خستە ناو سەیارەیەکی داخراوەوەو بردمانیان،پاش بیست دەقە لە شوێنێکدا دامانیان بەزاند.لەوێ کە دابزین بینیمان زیاتر لە بیست کەسیتر گیەابوون و پۆلیس بە دیاریانەوە وەستابوون، ئەوانیش کورد بوون و هەر ئەو شەوە گیرابوون.

هەر لەوێدا ناومانیان نووسی و پاشان هەندێک خواردنیان بۆمان هێناوخواردمان،چەند ڕۆژ بوو نانێکی باشمان نەخواردبوو،لە ناو یەختەکەدا لە گەرماو ماندوێتی و تینوێتیدا هیچمان پێنەدەخورا.

پۆلیس گوتی خێمەتان بۆ دێنین و لێرە لە ژێر ئەم دارانەدا هەڵیدەدەین،هەروەها گوتیان دەبێت سێ مانگ لێرە بمێننەوەو پاشان دەتانگوێزینەوە.

پاشان خێمەکانیان هێناو لە ژێر دارەکاندا هەڵماندا.دواتر چەند وەجبەی کۆچبەریتر گیران و هێنایانن بۆ لای ئێمە،ئیتر ئەوێ وەکو کامپێکی لێهات یاخود بڵێم وەکو زیندانێک لە ژێر ناوی کامپدا.

پانتایی ئەو شوێنەی تێیدا بووین سەد مەتری چوار گۆشە دەبوو،دوای چەندڕۆژ هەر چوار لایان تەلبەند کرد،سەرکەوتن بەسەر تەلبەندەکەدا ئاسان بوو بەڵام بۆمان نەبوو بچینە ئەو دیوی تەلبەندەکە.

چەند ڕۆژی سەرەتا هەڵسوکەوتی پۆلیسەکان زۆر خراپ بوو لە گەڵماندا،زۆرسوکایەتی و قسەی ناشیرینیان پێمان دەکرد.لە بەر ئەوە بڕیارماندا مان لە خواردن بگرین تاکو هەڵس وکەوتیان دەگۆڕن،ئەوە بوو کاتێک خواردنیان هێنا کەس لە خێمەکان نەهاتە دەرەوە بۆ وەرگرتنی خواردنەکانیان،پۆلیس سەریان سڕما،بڕێک بانگیان کرد نە کەس وەڵامی دانەوەو نە کەسێک لە خێمەکان چووە دەرەوە،دەهاتنە بەردەم خێمەکان و دەیانگوت وەرن خواردنەکانتان وەربگرن..کەس قسەی نەدەکرد،هەندێک خۆیان گێف کردەوە هەر سوودی نەبوو.دوایی گوتیان بۆچی نایەن خوردنەکانتان وەربگرن؟پێمان گوتن ئەگەر بەو شێوە نامرۆییە رەفتاردەکەن ئەوا نان ناخۆین و مان دەگرین،ئەوەبوو بەڵێنیاندا کە باشبن!دواترکەمێک ڕەفتاریان گۆڕی.دوو ڕۆژی سەرەتا زۆر بە توندی چاودێریمانیان دەکرد،هەمیشە چاویان بەدوامانەوە بوو نەکا ڕابکەین،سێیەم ڕۆژی سەرەتا هێشتا تەلبەندەکە نەکرابوو،سعات نۆو دەی شەو بە زۆر دەمانیانکردە ناو خێمەکانەوەو دەیانگوت بخەون!لە ناو خێمەکاندا قسەمان دەکرد بە شەق لە خێمەکانیان دەداو دەیانگوت بێدەنگبن.کە دەچووین بۆ سەر ئاو دوو پۆلیس لە گەڵماندا دەهاتن و بە دیارمانەوە دەوەستان ،هەندێجار کاتیان دیاری دەکرد دەبوایەلەو یەک دوو دەقەیەدا کاری خۆت تەواو بکردایە،ئەگەر نا دەهاتنە سەرت یان دەیان قسەی ناشیرینیان دەکرد.جارێکیان من لەو شوێنەی کە دیارییان کردبوو بۆ ئاو دەستخانە دوور کەوتمەوەو چوومە ناو دارەکانەوە،هەڵبەتە بە پێش چاوی پۆلیسەکانەوە،دەروبەرمان هەموو جەنگەڵ و دارستان بوو.من بە مەبەستی چەند شتێک چوومە ناو دارەکانەوە،دەمتوانی بە ڕاحەتی دانیشم وشەرم نەکەم،ئەگەر بواری ڕاکردنم بوایە ڕابکەم،هەروەها ئەگەر نەشمتوانی ڕابکەم ئەوا شوێنەکانی ڕاکردن بۆ جارێکیتر دیاری بکەم!

پۆلیسەکان کە منیان بینی چوومە ناو دارەکانەوە کردیانە هاوار هاوارو قیژەقیژ تاکو بگەڕێمەوە،بەڵام من گوێم پێیان نەداو بۆی دانیشتم!ئەوانیش لەشوێنێکەوە سەیریان دەکرد کە من لێیانەوە دیار بووم،دەیانجار بانگیان لێمکرد تاکو گەڕامەوە،دوان لە سەرسەریترین پۆلیسەکان بوون،زانیم تووڕەبوونەو لەوانەشە لێمبدەن. قسەیەک کە هەمیشە بە دەم و زمانیانەوە بوو "مەلاگە" بوو،"مەلاگە" یانی دەسپەڕ یان دەسپەڕچی،ئەو بێشەرمانە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکردو بە مەلاگە مەلاگە بەرەو ڕووم دەهاتن و دەیانگوت تۆ بۆیە دووركەوتیتەوە تاکو مەلاگە لێبدەیت،دەستی خۆیان ئاوا لێدەکردو دەیانگوت مەلاگت لێدا! وایان دەزانی من هێندە دڵم خۆشە حەوسەڵەی مەلاگەم هەیە!من زۆرم پێناخۆش بوو وام دەزانی تەنها بە ئێمە وادەڵێن،دواتر بۆم دەرکەوت ئەوە قسەیەکی "ئاسایی" خۆیانەو گەورەوبچووک ژنو پیاو بە یەکتری دەڵێن! یەکێک لە پۆلیسەکان لێم هاتە پێشەوەو زانیم بە تەمایە لێمبدا،خۆمم ئامادە کردبوو لە شەق و زلەکانی خۆم بپارێزم،بەرامبەرم وەستابوو بە دەم و قسەو سیمایدا دیار بوو،ئەوەی سووکایەتی و ناشیرین بوو دەیگوت. بە هەموو هێزی ناشیرینی پۆلیسانەی خۆی شەقێکی بۆم هاویشت،بەڵام من فریاکەوتم و خۆم لە بەر شەقەکەی لاداو قاچی بە هەودا چوو،ئەگەر بمیگرتایە تەختی زەوییەکەمی دەکرد.هاویشتنی ئەو جۆرە شەقە پۆلیسانەئەگەر بەر ئامانج نەکەوێت،ئەوا ئازار بە شەق هاوێژ دەگات،جگە لەوەش شەق وەشێن تووڕەو خەجاڵەت دەکات کە نەیتوانیوە ئامانج بپێکێت.زانیم تەواو

تووڕە بووە ڕامکرد، ئەویش بە دوامدا تانجی و کەروێشکی تێم کەوت.ئەم بەزمە بە بەرچاوی هەموانەوە بوو، ماوەیەک بەو ناوەدا ڕامکردو چەند "زیکزاک"م لێدا هەر لە کۆڵم نەدەبوەوە، ئەو تانجییەکی خێرا نەبوو منیش کەروێشکێکی ترساو بووم بۆیە پێمدا نەدەگەیشت.دوایی زانیم ئەم بەزمە بە ڕاکردن کۆتایی نایەت بۆیە وەستام، گوتم ئێستا هەر دەمکوژێت.. لێم هاتە پێشەوەو یەخەمی گرت و بە تووڕەییەوە قسەی دەکرد، لە سێ ووشەدا دوانی مەلاگە بوو، دوایی ئەسپە لەقەیەکی توندی کێشا بە قاچمداو وازی هێنا.

*          *          *

ڕۆژی سێهەم جارێکیتر ناومانیان نووسی و پەنجە مۆریشیان پێمان کرد. لە بەر ئەوەی داهاتوومان نادیار بوو هەموو کەسێک لە بیری هەڵاتندا بوو.سعات گەیشتبووە دوانزەی نیوەڕۆ هێشتا ناو نووسین تەواو نەبوبوو، ئەو ڕۆژە پۆلیسەکان هێندە چاودێرییان نەدەکرد، هەروەها جێی گومانیش نەبوو کەسێک بەو ڕۆژەو بە بەر چاوی ئەوانەوە ڕابکات.
دوای ئەوەی ناوم نووسی و پەنجە مۆرم کرد، لە گەڵ چەند کەسێتردا فرسەتمان هێناو هەڵاتین. ئەو دەوروبەرە هەموو شاخی بەرزو دارستان بوو، خێمەکانمان هەر بە دامێنی شاخەکەوە بوو، واتە سی مەتر پشتی خێمەکان شاخ و دارستان بوو.هەر هێندەی هەڵگژایە شاخەکەداو هێشتا ئاو دیوی دارەکان نەبوبووین، بە هۆی جیەجپ و هاتو چۆی نائاسایی ئەو برادەرانەوە، پۆلیسەکان گومانیان کردبوو کە شتێک ڕوویداوە، بۆیە پرسیاریان کردبوو چی ڕوویداوە؟ برادەرێک نەیتوانیبوو دەمی خۆی بگرێت گوتبووی جەند کەس ڕایانکرد.
ئەوە بوو پۆلیسەکانیش هاواریان لێهەستاو وەکو توولەو تانجی بە ناو داروجەنگەڵەکەدا دوامان کەوتن، من بو هات و هاوارەکانیاندا زانیم دوامانکەوتن.جادەیەکی پێچاوپێچ هەبوو بۆ سەر شاخەکە دەڕۆیشت، هەندێک لە پۆلیسەکان بە سەیارە بە جادەکەدا ڕۆیشتن و بۆسەیان دانا، هەندێکیتریش بە پێ بە ناو دارستانەکەدا دوامان کەوتن.من هێندەی کەوتمە ناو چڕی دارەکانەوە ئاگام لەوانیتر نەماو نەمزانی بە کوێدا ڕۆیشتن.دوای ئەوی گەیشتمە نزیکەی نیوەی شاخەکە، سی مەترێک دوور لە جادەکەوە لە ناو دارێکی چڕوپڕدا خۆم حەشاردا، جگە لە دارە بەرزەکان لەو جۆرە دارانەش هەبوو کە دڕکاوی و وەکو داری توترک وابوو هەموو لق و پۆپەکانی لە زەویدایە، چوومە ناو یەکێک لەو دارانەوەو هەناسەم لە خۆم بڕیبوو.خۆمم وەکو ئەو باڵندەو پەلەوەرانە دەهاتە پێش چاو، کاتێک هەڵۆو شەهێنەکان ناگاهانە لە بەرزاییەکانی ئاسمانەوە خۆیان بە ناودا دەکەن و تەرەو پەرتەوازەیان دەکەن، لەو حاڵەدا باڵندەکان لە ترساندا خۆیان بە هەموو کون و بنبەردو بنجکێکدا دەکەن.
لە خۆ حەشارداندا کەم باڵندە هەیە یاخود هەر نییە وەکو بەچکە سوێسک خۆی حەشار بداو هیچ شتێک نەدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە پێش چاویشەوە بچێتە ناو بنجکو هەندێک گژوگیاوە، دۆزینەوەی زۆر مەحاڵە! ئەو بە جۆرێک خۆی مات دەداو جووڵە لە خۆی دەبڕێت وەکو زەوییەکەی لێدێت.منیش دەمویست ئاوا بکەم...!
کەناری سەرەوەی جادەکە بەرزبوو وەکو دیوارێکی چەند مەتری وابوو، من لە سەرەوەی ئەو بەرزاییەوە لە ژێر دارێکدا خۆم حەشار دابوو، کاتێک لە توێی لق و پۆپی دارەکەوە سەیرم بکردایە هەندێک شوێنی جادەکەم دەبینی.ماوەیەک بە سەر چووبوو دەنگی هیچ شتێک نەدەهات، گوتم لەوانەیە پۆلیسەکان گەڕبێتنەوە، ویستم هەستم و کەمێک لە جادەکە دووربکەومەوە، لە پێشدا سەیرێکی ئەو شوێنەی جادەکەم کرد کە لێمەوە دیار بوو، گوتم نەکا پۆلیسەکان بە بێدەنگی لە سەر جادەکە مابێتنەوە..هەر وابوو..کاتێک سەیرم کرد لە بەر دەممداو لە سەر جادەکە وەستاوەو گوێیقوت کردۆتەوەو جاوەڕوانی خشپەو ترپەیەک بوو تاوی لێبداو بە بێ نێچیر نەگەڕێتەوە.یەکێک لەو پۆلیسانە بوو کە زۆر هیچ و پووچ و بەد ڕەوشت بوو، دڵنیام ئەگەر بمیگرتایە هەر بە شەق دەمیبردە خوارەوە.
هەستم کرد ئەو پۆلیسە زۆر ڕاوییە..چوونکە تاکو نەمبینی هەستم بە بوونی هیچ کەس نەکرد لەو دەوروبەرە.
ئیتر وام بە باش زانی تاکو شەو دادێت هەر لەو شوێنەدا بمێنمەوەو شەو بۆی دەربچم، گوتم لەوانەیە تاکو درەنگێک پۆلیسەکان بمێننەوەو چاودێری بکەن.کات زۆر تێپەڕیبوو ئیتر پێم وابوو پۆلیسەکان لەوێ نەماون، چەند فێکەم لێدا گوتم

بەڵکو ئەو برادەرانەیتر لەو دەوروبەرە بن و یەکتر ببینینەوە، بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو..ئیتر بە تەنیا دانیشتم..کات تێدەپەڕی و هێدی هێدی دڵتەنگ و بێحەوسەڵە دەبووم،هەر بە ڕاستی کات و ساتێکی دڵتەنگوغەمگین بوو،شتێکم شک نەدەبرد دڵم خۆش بکات،لە مرۆڤێک دەچووم لەم دنیایەدا هیچ شتێک و هیج مافێکی نەبێت،یاخود مرۆڤێک هەرچی هەیە لێی سەندرابێتەوەو ڕووت کرابێت،چەند بە ئازارە مرۆڤ هەست بکات ڕووت بۆتەوە..ڕووت کراوەتەوە! تەنها دانیشتبووم و بێئەوەی مرۆڤێک لە دنیادا پێبزانێت من لە وێدام،بە ئازارەوە کاتم بە ڕێدەکردو چاوەڕوانی شەوم دەکرد.سەدان پرسیارم دەکردو کەسێک نەبوو دژی ئەو ستەمە بە دەنگ بێت.

پرسیارم دەکردو کەسێک نەبوو وەڵام بداتەوە..هێی خەڵکی سەر ئەم ئەستێرەیە من چیم کردووە...! ئایا من تاوانبارم؟ من دەبوایە دڵتەنگ بوایەم..ئەو دەمە وەختی شادی کردن نەبوو،تەرەترین نێچیر بووم لە ژێر چنگ و دانی ڕاوچی گەلێکی بێڕەحم هەڵاتبووم.

لە تەنیایی و جەنجاڵی دەروونیمدا تاسەی جگەرەم دەکرد..بەڵام بێ جگەرە بووم،زۆر تاسەی جگەرەیەکم دەکرد مژم لێدایەو لە نێو دووکەڵەکەیدا نوقمبوایەم،من کە نوقمی دنیایەک ئێش و ژان بووم و لە دەرەوەی ئاگایی بوون قەرارم گرتبوو،جگەرەیەک ئەو خولیایەم بوو سوکنایی پێم دەبەخشی و نەبوونیشی ئەو حاڵەتە بوو کاسی دەکردم.

وەکو باڵندەیەکی تەرەو شەوارە کردو کە هیچ لە بارەی شوێنەوە نازانێت هەڵکورمابووم.خۆمم وەکو ئەو باڵندەو سوێسکانە دەهاتە پێش چاو،کە لە شەوانی باوبۆران و گڤەگڤی بادا ڕاوم دەکردن و شەوارەم پێدەکردن و دەمگرتن!چ مەزڵوم بوون سوێسکەکان.چ ڕاوچییەکی بێڕەحم بووم...!

دانشتبووم و بیرم دەکردەوە...شەویش لە ژێر باڵی ڕەشی خۆیدا خەریک بوو وونتری دەکردم! خەیاڵ و ئەندێشەم لە بارێکی ئاڵۆزو پڕ ئێشدا بوو، بێجگەی هەستەکانی شادی دایگرتبووم.چرکەی دڵتەنگییەکانی تەقینەوەی گریانێک گەرووی ئازار دەدا..!دەمویست ئەو گریانە بخنکێنم و ڕێگە نەدەم فرمێسکەکان بڕژێن..هەر بە قەستی دەمویست دڵ ڕەق بم..دڵ ڕەقی لە بەرامبەر ئەو هەموو دڵڕەقییەدا دەوری دابووم، بەڵام دواجار مرۆڤ بووم و مرۆڤیش دەگری...! خەریک بوو هەست نەکەم چی گریانێکی پڕ ماناو مەغزا لەهەستی گریان و گەروومدا قوڵپ دەدا.دوایی بیرم کردەوە دەشێت لە هەموو تەمەنمدا کاتێکیتری ئاوا پڕ ماناو غەمگین و تاڵ و شیرین و پڕ هەژانم بۆ نەڕەخسێت تێیدا بگریم!کاتێک بوو بە هەموو ئەو ئازارو نامۆیی و ئاڵۆزییەوە،بە لامەوە ماناوبایەخی مەزنی پەیدا دەکرد.شەوێک بوو دەبوا تێیدا بگریم... ئا لەوێدا بوو..هەستی پەنگ خواردوی گریانم ئازاد گردو فرمێسکەکان هێدی هێدی دەڕژان..گریانێکی بێدەنگ بەڵام پڕڕەنگ و سەدای نادیار..تەنها ناوەوەی خۆم گوێی لە سەداو هاوارەکانی دەبوو..دەگریام و فرمێسکی گەرم گەرم بە سەر ڕۆخسارما دەڕژان..فرمێسکەکانم نەدەسڕین...دەمویست زیاتر هەست بە گریان و تەڕی و شەڵاڵ بوونی فرمێسک بکەم!گریانێکی سەیر دەگریام..پڕ بوو لە ژەهری ئازارو هەندێک جاریش بزەو گەشکەیەک کە نەمدەزانی چی مانایەکی هەیەو لە چی قووڵاییەکی ڕۆحمەوە دێت! بزەیەک لە دوورگە نهێنییەکانی ڕۆحمەوە دەهات و نەمدەتوانی پەی پێببەم.تێکەڵەی گریان و پێکەنین ئاماژەیەکی سەیرو ئاڵۆزو تایبەت بوو،ژان و هەژانە دیارو نادیارەکانی ئەو چرکە ساتانەی منی نمایش دەکرد.

هەستم دەکرد لە زەمان و مەکانێکی تایبەتدا قەرارم گرتووە،زەمان و مەکانێک لە دەرەوەی زانین و زانیاری مرۆڤێکیتر.کاتێک بوو بە بێ ویستی خۆ دەبوا بیرت بکردایەتەوەو ڕامایەیت...

شەو داهاتبوو.. من و شەو چیرۆک بووین.هەستام و دارێکم گرتە دەستمەوەو بە نێو زووڵمەتی شەوو جەنگەڵدا خوار بوومەوە.بە هۆی تاریکی و چڕوپڕی دارەکانەوە زۆر بە زەحمەت دەمتوانی ڕێبکەم.خوارەوە دۆڵێکی پان و گەورە بوو،جادەیەکی قیرتاوی پیدا دەڕۆیشت،هەردوو بەری دۆڵەکە شاخی بەرزو دارستان بوو.من دەبێت بۆ ئەسینا بڕۆم و ئەو جادەیەش گوایە بۆ ئەسینا دەڕوات.پۆلیسەکان دەیان گوت لێرەوە بۆ ئەسینا 200کم.خواردن و پارەوجگەرەشم پێنییە.

گوتم بە کەناری جادەکەدا دەڕۆم و ئەگەر هەلم بۆ ڕەخسا خۆم بە نێو سەیارەکدا دەکەم و لەم دەوروبەرە دوور دەکەومەوە.چوونکە هەر چەند دوور بکەوتایەم هێندە مەترسی گرتنم کەمتر دەبوو،ئەوەشم دەزانی هەر کەسێک بمبینێت پۆلیس ئاگەدار دەکاتەوە.دەوروبەری جادەکە تەختایی و کێڵگە بوو زۆربەی گەنمە شامی بوو،کە بە قەد باڵای زەلامێک بەرز بوبوونەوە.بە سەر جادەکەدا دەڕۆیشتم و هەر کاتێک سەیارەیەک بهاتایە خۆم دەکرد بە ناو گەنمە شامییەکەدا.

ئیتر ئەم بەزمە سەیارەیەک بێت و خۆت بکە بە ناو گەنمە شامییەکەدا یان لە جادەکە دوور بکەوە بەردەوام بوو.
نازانم چەند سعات بوو بە ڕێگاوە بووم هیلاک و بێحەوسەڵەو برسی بوبووم،هەروەها هەستم بە وڕی و کاسی دەکرد.چونکە یەکێک لە ئاکام و تایبەتمەندییەکانی ناشارەزایی بە تایبەت لە شەودا،ئەوەیە مرۆڤ وڕو کاس و سەرگەردان دەکات. بێجگە لەوەش لە وەها حاڵێکدا بیت و هەگبەیەک لە ئازارت بە کۆڵەوە بێت.
هەموو کێڵگەکان بۆ حەوانەوە خانوویان تێدا دروست کردبوو،شەو درەنگ بوو لامدایە یەکێک لەو خانووانە.لە خانووەکە نزیک بوومەوە هەستم کرد چۆڵەو کەسی تێدا نییە،سەیارەیەکیش لەو نزیکانە وەستابوو.کەمێکیتر وەستام و گوێم گرت هیچ سروەیەک نەبوو.بڕێک کورسی لە دەرەوەی خانووەکە دانرابوون لە سەر یەکێکیان دانیشتم،دەمویست تەواو دڵنیابم کەسی لێیە یان نا دوایە بچمە ژوورەوە.
دوای کەمێک دانیشتن زانیم کەسی تێدا نییە،هەستام و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم،دەرگاکە قفڵ درابوو،دەمویست بچمە ژوورەوە بەڵکو شتێکی تێدا بێت بە کەڵکم بێت.لەوانە نان و چاو جگەرە،لە نانەکەش گرنگتر چاو جگەرەو لە چاکەش گرنگتر بۆ من جگەرە بوو.
پاشان چووم بە لای پەنجەرەکەوە،پەنجەرەکە بە پەردەیەک داخرابوو، لایەکی پەردەکەم کردەوەو چوومە ژوورەوە،هەموو شوێنێک گەڕام هەموو شتێکی تێدا بوو خواردن و چاو جگرە نەبێت.تەنانەت فلتەری جگەرەشی تێدا نەبوو،لەوە دەچوو هەرگیز جگەرەکێشێک ڕووی تێنەکردبێت.ئینجا هاتمە دەرەوەو چووم بە لای سەیارەکەوە،گوتم ئەویش جێی شکە جگەرەی تێدا بێت،دەرگاکەی قفڵ نەدرابوو هەموو شوێنێکی ناو سەیارەکەش گەڕام، ناو تەپڵەکی جگەرەکەش فلتەرێکی تێدا نەبوو.دیسان گەرامەوە بۆ ژوورەکەگوتم ئەمشەو لێرە دەخەوم و سبەی زوو هەڵدەسم و بە ڕێدەکەوم.
قەرەوێڵەیەکی تێدا بوو چوومە سەری و ڕکشام..نازانم چۆن و کەی و بە چی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی پڕ دەردەوە خەوم لێکەوتبوو.
سبەی پێش هەڵهاتنی ڕۆژ هەستام و بە ڕێکەوتم،کە ڕۆژ بوەوە هەوڵم دەدا کەس نەمبینێت،تاکو سعات یانزەی پێش نیوەڕۆ بە جادەکەو هاوشانی جادەکەدا دەڕۆیشتم،نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم و دەبێت بۆ کوێ بڕۆم؟تەواو بێحەوسەڵە بوبووم.بۆ دوو ڕۆژ دەچوو نە هیچم خواردبوو نە جگەرەم کێشابوو.
بڕیارمدا بچمە سەر جادەکەو بە ئاشکرا بێت یان بە دزەکردن هەوڵی سەرکەوتنە ناو سەیارەیەک بدەم.لەو نزیکانە کارگەی چەوولمێک هەبوو سەیارەی بارهەڵگرم دەبینی دەهاتن و باریان بار دەکردو دەڕۆیشتن،چەند ساتێک چاودێرییانم کرد هەستم کرد بۆ شوێنی دوور ناڕۆن،چوونکە ئەوانەی کە باریان بار دەکردو دەڕۆیشتن زوو دەگەڕانەوە،ئیتر وازم لەوان هێنا.ئینجا دەستم لە سەیارەی سەر جادەکە ڕادەگرت،گوتم یان ئەوەتا دەوەستن و سەرم دەخەن یانیش ئەوەتا پۆلیسم بۆ بانگ دەکەن و بە گرتنم دەدەن،باکم نەبوو هەرکامیان بوایە،دەشزانم ئەگەر بگیرێم دارکاری خراپ دەکرێم!
لە سەر جادەکە وەستابووم و دەستم لە سەیارە ڕادەگرت،دواجار دەستم لە سەیارەیەک ڕاگرت و تەواو هێواشی کردەوەو لەوەدا بوو ڕیبگرێت، سەیرێکی کردم و نەوەستاو ڕۆیشت،پیرە ژن و مێردێکی تێدا بوو.هەستیان کردبوو خۆماڵی نیم و لەوانەشە لێم ترسابووبێتن،من جلەکانم پیس و ڕیش درێژو قژ ئاڵۆزکاوو ڕۆخسار تاڵ!
هەر لە سەر جادەکە وەستابووم و دەستم ڕادەگرت،ماوەیەکی پێچوو هەستم کرد هەمان سەیارە لە هەمان شوێنەوە کە پێشتر لێیەوە هاتبوو، هاتەوەو هێواشی کردۆتەوەو دەیەوێت لای من ڕابیگرێت،گوتم دیارە هاتوون کۆمەکم بکەن! هەروابوو بۆ لای من هاتبوونەوە! هەمان پیرە ژن و مێردەکە بوون–پۆلیسێکیان لە گەڵ خۆیان هێنابوو بمگرێت!
حەوسەڵەی ڕاکردنم نەمابوو ئەگینا دەمتوانی ڕابکەم و خۆم نەدەم بە دەستەوە،پۆلیسەکە قەڵەوێکی وورگن بوو نەیدەتوانی دوام بکەوێ و بمگرێت،بەڵام خۆم بڕیارمدا ڕانەکەم.
هەموویان دابەزین و پۆلیسەکە هات بۆلام،پرسیاری لێمکرد..دیارە بە ئاماژەو هەندێک جاریش ئەو بە ئنگلیزی قسەی دەکرد،منیش چوار پێنج ووشەی ئنگلیزیم دەزانی کە لەو ڕێگاو بانە لە بەرم کردبوو بۆ ڕۆژێکی وەها تەنگانە!گوتی لە کامپەکە ڕاتکردووە؟ یەس..هەر خۆت بە تەنیایت؟ بەڵێ.شەش پەنجەی قووت کردەوەو گوتی ئێوە شەش کەس بوون، ئەوانیتر لە کوێن؟

نازانم.ملی خۆی لار کردەوەو گوتی شەو لە کوێ خەوتووی- سلیپت کردووە! دەستم بۆ جەنگەڵ و شاخێکی بەرزو سەخت درێژ کردو گوتم ئا لەوێ! پێدەکەنی..لەوانەیە گوتبێتی ئەمە چی مرۆڤێکە بە تەنیاو بەو شەوە لەو شاخ و جەنگەڵە خەوتووە.

لەم پرسیارو وەڵامە بێتام و مانایانەدا بووین،سەیارەیەکی پۆلیس هات و لامان ڕاوەستا،پیرە ژن و مێردەکەش ڕاوەستابوون و نەرم نەرم پێدەکەنین.

پێکەنینەکەیان جوان نەبوو بە لامەوە،چوونکە کارێکی ناشیرینیان بە حەقی من کردبوو،ئەوان دەیانتوانی لە جیاتی ئەوەی پۆلیسم بۆ بانگ بکەن کۆمەکیان بکردایە،ئەی بۆ ئەو کارەیان نەکرد!

پاشان لە پشتەوە هەردوو دەستمیان کەکەلەپچە کردو بردمیان بۆ کامپەکە.من خۆمم ئامادە کردبوو بۆ لێدان،بەڵام نەک بە دەستی ئەم پۆلیسانە کە گرتبوومیان،چوونکە ئەو چەند ڕۆژە ئەمانم ناسیبوو ڕەفتاریان خراپ نەبوو لە گەڵماندا،بەڵام چەند پۆلیسیتر هەبوون زۆر هیچ و پووچ بوون و لێدان و سووکایەتیان  بە کۆچبەران دەکرد،دەمزانی ئەوان دێن و لێم دەدەن.

دوای چەند سەعات بەرپرسی کامپەکە هات،ئەویش لەو جورە مرۆڤانە بوو لە گەوجی و پووچێتی خۆیدا شەرمی لە مرۆڤ نەدەکرد.کۆچبەران ناویان نابوو مام شێر چوونکە دڕندەو ئازاردەر بوو،هەمیشە دارێکی لە بنباڵدا بوو لێدان و سوکایەتی بە کۆچبەران دەکرد.زانیم ئەمجارە بۆ دیداری من هاتووە.لە ناو خێمەکەمدا دانیشتبووم هات و بانگی کردم،باڵمی گرت و بە توندی دارێکی بە سنگما کێشا،کوڵە دارێکی دەستەوە بوو دەیانجار کێشای بە سەر باڵما.دەمی پڕبوو لە مەلاگەو مەلاگەی لێدەچۆڕا.هەردوو باڵم سڕو شین بوبوونەوە.

پاشان پشتمی کردە دارێکەوەو لە پشتەوە هەردوو دەستمی بەستەوە،دوای بیست دەقە دەستمیان کردەوە.ئەو برادەرانەش دەهاتن بۆ لام و دەیانگوت باش بوو زۆری لێنەدای...من هیچم نەگوت!

هەردوو باڵم زۆر ژانیان دەکرد،نەمدەتوانی بەرزیان بکەمەوەو بیجووڵێنم.

سبەی جارێکیتر بانگیان کردم،مام شێرو چەند پۆلیسی ڕەفتار فاشیتربوون،دوان لە پۆلیسەکان هاتن و بردمیان بۆ لای ئەوانیتر،هەموویان پێدەکەنین! پێم سەیربوو پێدەکەنین! چوونکە لە ڕووی مندا پێدەکەنین و قسەیان دەکرد،کەوتمە گومانەوە لێیان..ئەم نمایش و خۆ نواندنە بۆچی و بۆ کێ؟ لە پێشدا گوتم بڵێی داوای لێبووردنم لێبکەن کە دوێنێ لێیان داوم!

باوەڕم نەدەکرد،گومانەکەم بەرەو لای نیاز خراپییان شکایەوە،دەیانەوێت جارێکیتر لێمبدەن..بۆچی.. بۆ لێمدەدەن؟!

ئەوانەی ئازار دەدەن- جەلاد هەندێک جار بە پێکەنینەوە پێشوازی لەنێچیرەکانیان دەکەن،وەها خۆ دەنوێنن گوایە زیرەکن و سەر لە نێچیرتێکدەدەن. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە جەلاد نەفامە،هەم شایانی بەزەیی و ڕێنوێنیەو هەم سزادان.خودی ئەوانیش قوربانین لە ناو قوربانیەکانیتردا.

ئەوان وەکو مرۆڤێک ناژین،مرۆڤێک خەڵکی خۆشبوێ و خۆشیان بوێ، ئەوان ژیانێکی تەواو دوور لە ڕەوشتی مرۆیی دەژین.لە کاتێکدا ئەوانیش مرۆڤن و دەکرێت وەکو مرۆڤێک ژیان بکەن.مرۆڤایەتی هەتا جەلادێکی هەبێت مرۆڤایەتییەکی ناتەواوە،بەڵکو هێشتا نیوەی دڕندەیە. هەتا مرۆڤێک لە دنیادا ستەم و چەوسانەوە بچێژێت حەقمان نییە بڵێین مرۆڤایەتی ڕاستەقینەین. هێشتا ڕۆژانە سەدان مرۆڤ دەکوژرێت دەربەدەرو ماڵوێران و برسی دەکرێت،هێشتا کوێرترین و ڕەشترین سیستەم و بیرو باوەڕ باڵا دەستەو ڕەنگڕێژی ژیان و مۆراڵی مرۆڤەکان دەکات...

ئەی من چیمکردبوو! نە تاوانێکم کردبوو نە قسەیەکیشم لە گەڵ کەسیان هەبوو،بۆچی لێمدەدەن! بە پێوانەی کامە سیستەم و باوەڕ من شایانی ئەو لێدان و سوکایەتییە بووم؟ خەڵکی ئەوێ نەبووم؟ ئەوێ وڵاتی من نەبوو؟ من نەتەوەو زمانێکیتر بوو؟ سنوورم بەزاندبوو؟ من خەڵکی ئەم ژیان و ئەستێرەیەم،دەمەوێت ئازادبم و کوێم بوێت بفڕم! ئایا ئەمە ئیمکانی نییە؟ وڵات و نەتەوەو سنوور ئەفسانەو گەوجێتی مرۆڤە،هەر وەکو چۆن مرۆڤ بتێک خودایەک بەردو مانگایەک دەپەرستێت ئەفسانەو گەوجێتییە،باوەڕ بوون بە نەتەوەو وڵات و سنوور هەمان ئەفسانەو گەوجێتییە...

پۆلیسەکان دەستیان خستە سەر شانم و بەرەو ژوورێک بردمیان،هەستم بە قووسایی و ڕقی پۆلیسی دەستیان دەکرد.

ژوورێکی بچوک بوو پێشتر لەیٚ دروستکرابوو،سی مەتر لە خێمەکانەوە دوور بوو دەکەوتە ئەو دیوی خێمەکانەوە.
کە چووینە ژوورەوە لە سەر کورسییەک دامیاننا،ماوەیەک بە دیارمەوە وەستان و بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە سەیرمیان دەکرد.دوایی یەکێکیان هاتە پێشەوەو دەستی کرد بە لێدانم،بە زلەو بۆکس و لەقە لێیدەدام.
دەستی لە هیچ شوێنێکم نەدەپاراست،ئەمیان وازی دەهێناو ئەویتریان دەهات،کەسیان لەویتریان شەریفتر نەبوو،هەمیشە یەکێکیان لە بەردەم دەرگاکە دەوەستاو ئەویتریان لێیدەدام.
من بێجووڵەو بە بێئەوی بۆ یەکجاریش وورتەو دەنگ و هاوارێک کە لە ئازارەوە دەربچێت،لە دەمم نە هاتە دەرەوە،دانیشتبووم و هەدێجار دەستم دەخستە سەر چاوم و پارێزگاریم لە چاوم دەکرد،چوونکە دەستیان لە هیچ شوێنێکم نەدەپاراست،چوونکە ئەوان چاویان نەبوو ببینن.
هەندێجار قسەیان دەکردو بە دەم قسە کردنەوە لێیان دەدام،من تێنەدەگەیشتم دەڵێن چی،ووشکو تاڵ سەیری ڕۆخساریانم دەکردو هیچم نەدەگوت.من هیچیترم بێجگە بێدەنگی نەبوو،بێدەنگی بۆ من باوەڕو مانایەکی گەورەی هەبوو.من ئەو هەستەشم هەبوو کە جەلاد لە بێدەنگی نێچیرەکەی شێت دەبێت و حەز دەکات بە هاوارو زەلیلی بینینیٚ و لەوەش چێژ وەردەگرێت،بۆیە منیش ئەو چەکەم بە کار هێناو تەنها چەکیش بوو نەیاندەتوانی لێم بسەنن. بێدەنگی من تووشی هیستریای کردبوون،چوونکەچەندجار لە کاتی شالاوی زلەو بۆکس و لەقەکانیاندا بە منگەمنگ و ملچەملچ دەدوان و وەک لە بێدەنگی و سەرسەختیم شێت و نیگەران بووبێتن!
هەستم دەکرد چی مرۆڤێکی نەخۆش و بێئیرادەن.لە یەکێک لەو حاڵەتە هیستریەدا بوو یەکێکیان بە هێزترین ئەسپە لەقەی لە سەرووی کلاوەی ئەژنۆم سرەواندو خەسترین ئازارم پێگەیشت،هیچ گومانێکم نەبوو ڕانم شکابێت.پۆلیس دەیزانی چی لەقەیەکی ناجوامێرانەی هاویشتووە،بۆیە سەیری دەکردم و دەیویست بزانێت لە چی حاڵێکدام، منیش سەیری ناو چاویم دەکردو لە گەوجێتی و ناجوامێری ئەوم دەڕوانی.بە دیوی ناوەوەمدا پێمدەگوت بۆ لێمدەدەن! ئایا دەزانن بۆچی لێمدەدەن؟ کیٚ ئەو حەقەی بە ئێوە داوە ئازار بدەن،ئایا ناتوانن و ناکرێت مرۆڤێکیترین جیاواز لەوەی ئێستا هەن! ئایا خەسڵەت و سروشتی مرۆڤ شەڕانگێزو ئازاربەخشە؟یاخود بیروباوەڕە گەوج و نەفامییەکانی مرۆڤ شەڕانگێزی و ئەشکەنجەدانی کردۆتە خەسڵەت و سروشتی مرۆڤ؟ من باوەڕم وایە خەسڵەت و سروشتی مرۆڤ مرۆڤایەتییە،وەکو چۆن ئێمە کە لە دایک دەبین لە ڕووی فیزیکییەوە هیچ ئەندامێکی ژاراوی و ئازاردەرمان نییەو هەروەها هیچ کولتورو بیرو باوەڕو ئاین و پیرۆزییەکمان نییە،تاکو بە پێی ئەو پێدراوانە داوەری لە گەڵ یەکتردا بکەین،واتە ئەگەر سیستەم و پەروەردەیەکی تەواو مرۆیی و زانستی و یەکسانی هەبێت و دوور لە هەر تەماحێکی پیسی ئیدۆلۆژی جیاوازیکارو زبڵخانەی خاوەندارێتی تایبەتی،ئەو کاتە دەتوانرێت کۆمەڵگایەکی تەواو مرۆیی بەرقەرار بکرێت و هەرچیٚ ناحەزی و دوشمنایەتیەکی ڕەگەزی و کولتوری و ئابووری و باقی خورافاتەکانیتر هەیە لە نێو بچێت.
نیو سەعات کاتی خۆیان بە لێدانی منەوە بە فیرۆدا،هەڵبەتە تەواوی نیو سەعاتەکە لێیان نەدام،بەڵکو بە ئیسراحەت و هەر پێنج دەقەو دە دەقە جارێک..وەکو چۆن قاوە یان خواردنەوە بخۆنەوە بەو جۆرە!
هەموو شوێنێکم بەر لەقەو شەق و بۆکس کەوتبوو،نەرمایی هەردوو باڵم بوبوونە خوێن.پاشان بەریاندان و بە شەلەشەل گەڕامەوە بۆ خێمەکەم. ئازارێکی خەست و توند لە قاچمەوە هەلدەستاو زۆر بە زەحمەت دەمتوانی ڕێبکەم.
لە خێمەکەمدا دانیشتبووم ئەو برادەرانە هاتن بۆ لام و پرسیاریان دەکرد ئایا زۆریان لێداوم؟منیش گوتم بەڵیٚ..بە ئارەزووی خۆیان،دەیانگوت گوێی مەدەریٚ..گوتم گوێم پێنەدا!
دوایی برادەرێکیتر هات بۆ لام و گوتی من لە پەنجەرەکەوە پۆلیسەکانم دەبینی لێتیان دەدا،بەڵام پێم سەیر بوو تۆ هیچ هاوارێکت نەدەکرد،گوتم حەمە گیان هەر بۆ خۆشی هاوارم نەدەکرد!

*　　　*　　　*

پەنجا ڕۆژ لەویٚ مامەوە هەموو ڕۆژەکان لە یەک دەچوو ن و بێمانا بوون،دووبارە بوونەوەی کات لە بارە ناخۆشەکەیدا

مرۆڤ ووردو بێحەوسەڵە دەکات،هەروەها لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا کە نازانی چاوەڕێی چی دەکەیت و چاوەڕێی چی بکەیت!

لە ماوەی دەڕۆژی سەرەتادا منیش وەک زۆرێک لەو برادەرانە بێپارەبووم و تاکو ئەودەمە چەند جگەرەیەکم کێشابوو،کە لەو برادەرانە وەرمگرتبوو،بێجگەرەیی ووڕوکاسی کردبووم.زۆرێک لەو برادەرانە لە کەمیی و خراپی خواردنەکان ناڕازی بوون و سکاڵایان دەکرد،بەڵام ،من گوێم بە خواردن نەدەدا،ئەوەی هەمیشە بیرم لێدەکردەوەو نەمبوو ئەوەی نیگەرانمی دەکردو سەرمی دەئاوسان جگەرە بوو.ئەوانەی پارەو جگەرەیان هەبوو کەمجار جگەرەیەک یان نیوە جگەرەیەکیان بە کەسێک دەدا ئەگەر داوایان لێیان بکردایە.زۆر جار لەو حاڵەتانەدا مرۆڤ بەر چاوی تەنگ دەبێت و هەستی بەخشین و بە تەنگەوەهاتنی لە دەست دەدات،چوونکە هەل و مەرج و پەیوەندییەکی زۆر نامرۆیی و نا تەندروست زاڵەو مرۆڤ ئەگەر وریاو بە ئاگا نەبێت،بەرەو پەیوەندی و هەڵسوکەوت و نابەرپرسیاری دەبات.

کەسی وەها هەبوون یەک مژ جگەرەیان بە کەس نەدەدا.من جارێک داوای جگەرەیەکم لە برادەرێک کرد کە لە یەک خێمەدا بووین،گوتی من جگەرەی خۆم بە کەس نادەم،من برێک لە دڵەوە نیگەران بووم بەڵام هیچم نەگوت.

پاشان برێک پارەم بۆ حەواڵە کراو گەیشتە دەستم،چووم بۆ لای پۆلیسێک پارەی چەند پاکەت جگەرەو هەندێک شتیترم دایەو گوتم بەڵکو ئەو شتانەم بۆ بکڕیت. چەند پۆلیس هەبوون هەر کاتێک شتمان بویستایە دەڕۆیشتن بۆمانیان دەکڕی،هەموویان ئاوا نەبوون،یەکێک لە پۆلیسەکان بە ڕاستی مرۆڤی باش و بەڕیزو خۆشەویست بوو،من تێنەدەگەیشتم چۆن بوبووە پۆلیس! مانگێک لە وێبوو بۆ یەک جاریش قسەیەکی ناخۆش و هەڵەیەکی بە کۆچبەرێک نەکرد،بەڵکو هەمیشە وەکو لە گەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆیدا هەڵس و کەوت بکات وابوو.پڕبوو لە مرۆڤدۆستی و بە تەنگەوە هاتن،هەر شتێکمان بویستایە بە سەیارەی خۆی دەچوو دەیکڕی و بۆمانی دەهێنا،ئاگایانە دەیویست مرۆڤ بێت و مرۆڤایەتیەکەی لە بچووکترین دەرفەتدا کە بۆی دەڕەخسێت،بخاتە خزمەتی ئەو مرۆڤانەوە کە دەکرێت کۆمەک بکرێن.بە بێئەوەی ئەو هەرگیز پێبزنێت من بە قەد هاوڕێیەکی خۆشەویست و مرۆڤێکی مەزن خۆشم دەویست،بە داخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە لێرەدا بمنووسیبایە.

دوای ئەوەی مانگێک لە وێبوو بۆ شوێنێکیتر گواستیانەوە،بەو هۆیەوە دوا ئێوارەی ڕۆشتنەکەی کامێرای لە گەڵخۆی هێنابوو وێنەو تەسویری دەکرد، تاکو درەنگە شەوێک کۆچبەران گۆرانیان دەگوت و هەڵدەپەڕین،ئەویش ڕاوەستابوو سەیری دەکرد.

پۆلیسێکیتر هەبوو گاڵتەچی و ساختەچی بوو،ئەگەر یەکێک ڕستەیەکی بە کوردی بگوتایە ئەو یەکسەر بە بێئەوەی هەڵەیەک بکات،ڕستەکەی وەکو خۆی دەگوتەوە.جارێک یەکێک لەو برادەرانە بە دەنگی بەرز بانگی لە هاڕێیەکی خۆی کرد کە بێت بۆ لای،لە گەڵ بانگکردنەکەدا چەند جوێنی "ڕەفیقان"ەی پێدا،ئەو جوێنانەی ئەگەر لای خۆمان بە ڕاستی بە کەسێکی بدەیت،دەشێت چەند هۆزو تایەفەی تێدا مەحف بێتەوە!

پۆلیسەکەش وەستابوو یەکسەر ڕستەی جوێن و بانگکردنەکەی بە دەنگی بەرز گوتەوە،لە هەموو لایەکەوە بوو بە هەراو پێکەنین و تریقانەوە..

ڕۆژێک ئەو برادەرە کە پێشتر داوای جگەرەم لێکردو پێینەدام،گوتی بەڵکو جگەرەیەکم بدەیتێ؟ من ئاسایی بە جۆرێک هەست نەکات کە پێشتر داوای جگەرەم لێکردووەو پێێ نەداوم،پاکەتەکەم دەرهێناو جگەرەم دایە.هەڵبەتە دواترو ڕۆژانیتر هەر داوای دەکردو من دەمدایە،ڕۆژێک کاتێک جگەرەم دەدایە گوتی دەزانیت تۆ لە" سۆرانی" ناچیت؟! گوتم مەبەستت چییە؟ گوتی من جارێک لە ڕێگا داوای جگەرەیەکم لە سۆرانییەک کرد نەیدامێ،هەر لە بەر ئەوەشبوو ئەو ڕۆژە جگەرەم پێت نەدا،کەچی ئەوەتا تۆجگەرەم پێدەدەیت! ئەو خۆی "بادینی" بوو!

من بەو بیروبۆچوون و هەڵاواردنە عەشیرەتی و خورافیانە بێحەوسەڵە دەبووم.گوتم برادەر گیان من وەکو تۆو ئەوانەی شەڕی بادینی و سۆرانی و ئەم شارو ئەو شار دەکەن بیر ناکەمەوەو هەڵەیە مرۆڤ ئاوا بیر بکاتەوە.

من و تۆ مرۆڤین و دەکرێت هەر لەم ڕوانگەی مرۆڤ بوونەمانەوە،سەیری مرۆڤەکانیتر بکەین و جیاوازیان لە نێواندا نەکەین.دەکرێت مرۆڤ ئەو پێناسەیە فڕێبدات و تەنها پێناسەی مرۆڤ بوون بەرز ڕابگرێت.نابێت مرۆڤەکان لە سەر بنەمای

ئەو جیاوازییە پووچوو نازانستی و نەفامیانە دەستەبەندی بکرێن و سکی یەکتر هەڵبدڕن.چەند خەتەرە مرۆڤەکان–مرۆڤی کۆمەڵگایەک بەو ئاکامە بەد حاڵیبوون و هەڵاواردنە بگەن لە بەرامبەر یەکتردا،پۆلێن کردنی باش و خراپ بە سەر یەکتردا حوکمێکی تاک ڕەهەندو نێگەتیڤ و ناتەندروستە.

من گومانم نییە هۆکاری سەرەکی ئەو بیروبۆچوون و هەڵاواردنە،ڕیشەی لە سیاسەتی خێڵخوازانەی ئەحزابی کوردیدایە بە تایبەت پارتی و یەکێتی. بەداخەوە تاکو ئێستا مرۆڤایەتی لە فۆرمی دەسەڵاتەکانیدا نەفامی و ئەفسانە بەرهەم دێنێی و ئەفسانە دەکاتە باوەڕو فەرهەنگ و کولتوری مرۆڤایەتی...ئەو کۆچبەرانەی لە کامپەکەدا بوون،زۆرجار هەڵسووکەوتی نائاسایی و نادروستیان دەکردو کەسێتی خۆیانیان لە بیر دەچووەوە،بە تایبەت لە کاتی هاتن و وەرگرتنی خواردندا،سەرەبڕیان لە یەکتر دەکردو چەندبارە خواردنیان وەردەگرت و کاتێکیش پۆلیسەکان پێیان دەزانی لێیانیان دەداو سووکایەتیان پێدەکردن و کەسێتی هەمووومانیان بێبایەخ دەکرد.

مرۆڤ کاتێک ئیرادەو ئازادییەکانی پێشێلدەکرێ و هیچ بەرپرسیارییەک لە بەرامبەر خۆیدا هەست پێنەکاو خۆی لە پەراوێزی هەموو بەهاو مافە مرۆییەکاندا ببینێت،بە خۆی بزانێت یان نا،ئاگایانە بێت یان لە بێئاگاییەوە،تووشی بەد کرداری دەبێت و کەسێتی خۆی لە بیر دەچێتەوە.

هۆکاری هەموو ئاکارو کردەوەیەکی ناپەسەندو خراپی مرۆڤەکان،بە پەراوێز خستنیانە لە بەهاو پێداویستییە ژیانی و مرۆییەکانیان، ئەو جۆرە بەرخوردەی کپچبەرانیش من لەو ڕوانگەیەوە دەمبینی .

* * *

پەنجا ڕۆژمان تەواو کردبوو هێشتا دڵنیامانیان نەکردبوو دوای تەواوبوونی سێ مانگەکە چیمان لێدەکەن؟ پۆلیس دەگوت دەبێت سێ مانگ لێرە بمێنیەوە پاشان دەتانگوێزینەوە،دەمانگوت بۆ کوێ دەمانگوێزنەوە؟ دەیانگوت نازانین! ئێمەش لەوە دەترساین ئەو گوێزانەوەیە دیپۆرت کردن بێت،لە بەر ئەوە هەموو کەسێک لە بیری هەڵاتندا بوو.

لەو ماوەیەدا چەندین کەس هاڵاتن،هەندێکیان دەردەچوون و هەندێکیشیان دەگیرانەوە.

ڕاکردن و دەرچوون لە کامپەکە ئاسان بوو،بەڵام دەربازبوون و گویشتی بە ئەسینا زەحمەت بوو.چوونکە کەس شارەزای ڕێگاوبانەکان نەبوو،هەروەها ئێمەش لە جەزیرەیەکی دوور بووین.منیش هەمیشە لە بیری ڕاکردندا بووم،برڵام ئەوەی دوامی خستبوو ئازاری قاچم بوو،چوونکە قاچم تاکو یەک مانگ ئازاری زۆری دەدام،ئەگینا ئەو پەنجا ڕۆژە دەمتوانی پەنجا جار هەڵێم.

لەو ماوەیەدا کۆچبەرانێک کە کەس و کاریان لە یونان بوون،دەهاتن بۆ کامپەکەو سەردانیان دەکردن،ئێمەش لە بارەی ڕێگاوبان و ئایا ئەسینا کەوتۆتە کوێوە،پرسیارمان دەکرد! ئەگەرچی باسکردن و ناونیشاندانی ڕیگاوبان و چۆنێتی گەیشتن بە ئەسینا هێندە کەڵکی نەبوو،بەڵام ئێمە هەر پرسیارمان دەکردو ئیتر بە مەزەندە دەمانزانی ئەسینا کەوتۆتە کوێوە!

ئەو شوێنەی ئێمە لێی بووین پێیان دەگوت جەزیرەی"ئیڤیا"،هەموو شاخی بەرزو دارستان بوو،دەکرێت مرۆڤی شارەزا لە کاتی شەوڕەویدا وێڵ بێت و شەوارە بکات.ئێمەش تەنها لە شەودا دەمانتوانی ڕابکەین،ئەوەش زەحمەت و هیلاکی و جورئەتی دەویست.

منیش دوای ئەو ماوە درێژە قاچم باش بوبوو،هەرچەندە هێشتا هەستم بە ئازار دەکرد بەڵام دەمتوانی ڕێی پێوە بکەم.ئەوە بوو لە گەڵ سێ کەسیتردا بڕیارماندا ڕابکەین،ئەوان هەرسێکیان خزمی خۆم بوون و هەروەها تازە لاویش بوون،ئەوان هێشتا تەمەنیان بەوە نە گەیشتبوو ئاوارەی شەوو شەوارەو کات و شاخ و جەنگەڵستانبن! دیارە مەبەستم ئەوە نییە بە کەم بیاننرخێنم..بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەوانیش وەک هەر بێچوویەک کەم ئەزموون بوون و دەبوایە هێشتا دایکێک ڕێبەرییانی بکردایە! شەوو شەوارەبوون مرۆڤی گەورەو بە ئەزموون کوێر دەکات..ئەی دەبێت بێچووەکان چیان بە سەر بێت...!

بێچووە سوێسکەکانیش ئاوان..ئەوانەی یەکەم زستانی تەمەنیان بە ڕێدەکەن،هەر لە خۆوە لە بەر تیشکی لایتەکاندا

**شەوارە دەکەن و کوێر دەبن! چوونکە هیچ ئەزموونێکیان لە مەترسییەکانی تیشکو شەوو شەوارەو ڕاوچی نییە! لە شەوە تاریکو کڕێوەکاندا کاتێک دەیاندۆزیتەوە،خۆیان فش دەکەنەوەو سەیری تیشکی لایتەکان دەکەن..هیچ شتێک لەو چارەنوسە شوومە نازانن ڕووبەڕویان بۆتەوە...**

**سعات دەی شەو بوو کاتی گۆڕینی پۆلیسەکان هاتبوو،هەموو شەوێک لەو کاتەدا چەند پۆلیسیتر دەهاتن و ئەوانیتر دەڕۆیشتن،لە کاتی گۆڕیندا بۆ ماوەی دە تاکو پانزە دەقە خاڵەکانیان چۆڵ دەکردو پێکەوە قسەیان دەکرد.ئەوەش هەلێکی باش بوو بۆ ئەوەی لە کاتی ڕاکردندا ئاشکرا نەبین.**

**ئێمە دەمێک بوو خۆمان ئامادە کردبوو.ئەو کاتەی پۆلیسەکان خاڵەکەیان چۆڵکرد،هاوڕێکانم هەرسێکیان بە سەر تەلبەندەکەدا سەرکەوتن و ئاودیو بوون،پاشان منیش لە کۆنێکی ژێر تەلبەندەکەوە خۆم ئاودیو کردو گەیشتمە لایان.دوو دەبەی یەک لیتری ئاومان پێبوو لە گەڵ سێ تەماتەو دوو سێ لەتە سەموون.هەروەها دوو پاکەت جگەرەشم پێبوو،لە بەر ئەوەی جگەرەم پێبوو هەستم بە هیچ کەم و کوڕییەکی شەوگەڕی نەدەکرد! باشترین توێشوو بۆ من لەو شەوارە بوونەدا جگەرە بوو.هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە لە شەوە ساردەکانی شەوارەی ڕۆح و بێدەرەتانیدا خۆش و ئارامی بەخش بوو...**

**هەر لە تەلبەندەکە چووینە دەرەوە بە شاخەکەدا هەڵزناین،لە گەڵ ئەوەی شاخێکی بەرز بوو چڕە دارو جەنگەڵێکی چڕوپڕیشی هەبوو،درەختەکان لەو جۆرانە بوون دڕکاوی و وەک داری توتڕک وابوون.ئێمە بە پەلەپەل بەرەو سەرەوە دەڕۆیشتین..جلەکانمان لە دڕکو چڵی دارەکان گیر دەبوو دەمانیگرت..دەکەوتین و هەڵدەستاینەوە..هێشتا ترسی پۆلیسمان هەیەو دەمانەوێت زوو بگەینە سەر شاخەکە.چوونکە دەترساین پۆلیسەکان پێبزانن و دوامان بکەون.ئەو پەلەپەلە زۆر شەکەتمانی دەکردو بڕستمانی لێدەبڕی.بە هیلاکی و زەحمەتێکی زۆر گەیشتینە سەر شاخەکە،لەوێ دانیشتین و پشوویەکی کورتماندا..ترسی پۆلیسمان نەمابوو...**